# لێکدانەوەی فەلسەفی بۆ مێژوو لای نەوشیروان مستەفا ئەمین

**ئازاد عەلی مەولود**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق.
ئیمەیڵ: azad.45456@gmail.com

**ئاراس عبدالرحمن مصطفى**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق.
ئیمەیڵ: aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**قادر محمد محمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق.
ئیمەیڵ: qadr.muhammed@uor.edu.krd

## پوختە:

نەوشیروان مستەفا ئەمین ( 1944-2017) کەسایەتییەکی سیاسی ناسراوی کورد بووە، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی باشووری کوردستاندا گێڕاوە، هەر لەبەر ئەمەش ناوبراو لای زۆرینەی خەڵکی کورد، زیاتر وەکو سیاسی ناسراوە، وەک لەوەی بە نووسەر و مێژوونووس بناسرێت، بەڵام لێ وردبوونەوە لە کتێبە مێژووییەکانی، ئەوە دەردەخات کە ئەم لایەنەی ژیانی نەوشیروان مستەفا، بارتەقای ژیانە سیاسییەکەی گرنگ و پڕبایەخە. ئەم توێژینەوەیە مامەڵە لەگەڵ شێوازی مێژوونووسینی نەوشیروان مستەفا دەکات، بەتایبەتیش جەخت لەسەر لێکدانەوە فەلسەفییەکان بۆ مێژوو لای ناوبراو دەکاتەوە. وا دەردەکەوێت کە نەوشیروان مستەفا ئاگاداری لێکدانەوە فەلسەفییەکان بۆ مێژوو بووە، بەو پێیەی لە کتێبە مێژووییەکانیدا بەڕوونی هەست بەم لێکدانەوانە دەکرێت، بەڵام ناوبراو لە چوارچێوەی یەک قوتابخانەی فەلسەفیدا شیکاری بۆ ڕووداوە مێژووییەکان نەکردووە، بەڵکو گرنگی بە زۆربەی لێکدانەوە فەلسەفییەکان بۆ مێژوو داوە.

**کلیلی وشەکان:** نەوشیروان مستەفا، لێکدانەوەی فەلسەفەی، ئاراستەکردن، کاریگەری.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**پێشەکی:**

لەم ساڵانەی دوایدا ژیانی سیاسی و بۆچوونە جیاوازەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین، بوونەتە جێگەی بایەخپێدانی توێژەرانی مێژوو، کە لەم رووەوە چەندین توێژینەوەی زانستی بەرچاو دەکەون، کە بێگومان ئەمە بۆ گرنگی رووانینەکانی ئەو کەسایەتییە دەگەڕێتەوە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر شێوازی نووسینەوەی مێژوو، بەتایبەتی لێکدانەوە فەلسەفییەکان بۆ مێژوو لای نەوشیروان مستەفا، دەکات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ پڕبایەخی بابەتەکە دەگەڕێتەوە، چونکە لێکدانەوەی فەلسەفی بۆ مێژوو، بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دادەنرێ، بەو پێیەی کاریگەری راستەوخۆ دەکاتە سەر ئاستی بابەتیبوونی توێژەری مێژوویی، بۆیە ئامانجی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە، پرسی مامەڵەکردنی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ لێکدانەوە فەلسەفییەکان بۆ مێژوو بخاتەڕوو و، وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: ئایە ناوبراو بەشێوەیەکی بێلایەنانە و زانستییانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کردووە؟.

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی سوود لە کتێبە مێژووییەکانی نەوشیروان مستەفا وەرگیراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو کتێبانە مەیدانی سەرەکی ئەم توێژینەوەیان پێکهێناوە، هاوکات پشت بە چەندین سەرچاوەی پەیوەست بە فەلسەفەی مێژوو، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەستراوە. شیاوی ئاماژەیە ئەو توێژینەوەیە پشتی بە بنەماکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەتایبەتی ڕێگەی شیکاری بەستووە.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، دەروازەیەک و پێنج تەوەرە لەخۆی دەگرێت: لە دەروازەکەدا هەڵوەستە لەسەر دەستەواژەی فەلسەفەی مێژوو کراوە، پاشان لە تەوەرەی یەکەمدا دوای ناساندنی لێکدانەوەی جوگرافی بۆ مێژوو، گەنگەشەی کاریگەری ئەو لێکدانەوەیە بەسەر نەوشیروان مستەفا کراوە، لە تەوەرەی دووەمیشدا لێکدانەوەی پاڵەوانی بۆ مێژوو ناسێندراوە و هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر لێکدانەوەکە خراوەتەڕوو. هەروەها لە تەوەرەی سێیەمدا جگەلە پوختەیەک لەبارەی لێکدانەوەی رەگەزپەرستی بۆ مێژوو، هەڵوەستە لەسەر کاریگەری نەوشیروان مستەفا بەم لێکدانەوەیە کراوە، دواتر لە تەوەرەی چوارەمدا گەنگەشەی هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر لێکدانەوەی ئاینی بۆ مێژوو کراوە، لە تەوەرەی پێنجەمیشدا دوای ناساندنی لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو، شیکاری هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر لێکدانەوەکە کراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## دەروازە:

ئەگەرچی تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان لەلایەن مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان، بەڵام تا سەدەی هەژدەهەم، وەک زانستێکی پڕبایەخ، گرنگی بە مێژوو نەدراوە، بۆیە هەندێک توێژەر بەکارهێنانی زاراوەی (هونەری مێژوونووسی) بۆ سەردەمە کۆن و ناوەندییەکان بە دروستتر دەزانن، وەک لە بەکاربردنی دەستەواژەی زانستی مێژوو، چونکە لە ڕوانینی ئەواندا مێژوو وەکو زانست، بەتەواویی بۆ سەردەمە نوێکان دەگەڕێتەوە(ڕەحمانیان، 2016: 20، 25)، تەنانەت هەندێک توێژەر سەدەی نۆزدەهەم بە (سەدەی مێژوو) ناودەبەن (کۆمەڵێک نووسەر، 2017، 9، 10). ئەو بەرەوپێشچوونە گەورەیە خۆی لە دەرکەوتنی زاراوەی "فەلسەفەی مێژوو"دا دەبینێتەوە، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن گەورە ڕۆشنگەری فەڕەنسی، ڤۆڵتێر 1778-1694) (Voltaireوە بەکارهێنراوە، کە مەبەستی بەکاربردنی عەقڵانییەت بووە لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوە مێژووییەکەندا (ڕەحمانیان، 2016: 11) ؛ (سابیر، 2005: 5). تا بەهۆیەوە مێژوو لە درۆ و داستان و خورافیات و هەرچی زانیاری بێ بنەمایە پاک بکرێتەوە (الملاح، 2007: 3).

فەلسەفەی مێژوو، واتە گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەی کە ڕووداوە مێژووییەکان ئاراستە دەکەن و، ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیان هەیە لە دیاریکردنی ڕەوت و ئەنجامی ڕووداوەکاندا (الملاح، 2007: 4). لە ڕاستیدا گەڕان بەدوای ئەم هۆکارانەی لەپشتی ڕووداوەکانەوەن، وایکرد مێژوو بچێتە چوارچێوەیەکی زانستییەوە (کریم، 2009: 124). گرنگە ئەوەشمان لەبەرچاوبێ کە ڕەخنی توند لە فەیلەسوفانی مێژوو گیراوە، چونکە فەیلەسوفەکان هۆیەک یان دوو هۆکار وەردەگرن، بەهۆیانەوە لێکدانەوە بۆ تەواویی ڕووداوە مێژووییەکان دەکەن و، بۆ هەموو هۆیەکان ناگەڕێنەوە، ئەمە جگە لەوەی مێژووی مرۆڤایەتی وەک یەک یەکەی بەیەکەوە بەستراو دەبینن و پابەندی کات و شوێنێکی دیاریکراو نابن، ئەم گشتگیرکردنەش لای زۆرێک لە بیریاران جێگەی پەسندکردن نییە، بۆیە ڕەخنەی توندیان ئاراستەی فەیلەسوفانی مێژوو کردووە(الملاح، 2007: 8، 11).

جێگەی سەرنجە زۆ جار مێژوونووسان لە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا دەکەونە ژێر کاریگەری هەست و سۆز و ئەو ئاڕاستە فکرییەی هەیانە (الدوري، دون السنة: 34) ؛ (کریم، 2009: 124)، بەجۆرێک زۆرێک لە دیرۆکنووسان ئەو ڕووداوانە وەردەگرن کە لەگەڵ فکرە و حەزەکانیان دەگونجێ و ئەوەی تریش پشتگوێ دەخەن (لوبون، 1954: 69) ؛ (کریم، 2009: 124)، لەم سۆنگەیەوە لەم باسەدا هەوڵدراوە ئەو هۆکارانە بخرێنە بەرچاو کە نەوشیروان مستەفا لە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان باوەڕی پێ هەبوون، ئایە تا چ ئەندازەیەک ئەو لێکدانەوانە کاریگەربوون بەسەریەوە؟ ئایە ئەویش لە دیارکردنی ئەو هۆکارانەی لە پشت ڕووداوە مێژووییەکانەوەن، وەک زۆرێک لە مێژوونووسانی تر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کەوتـوّتە ژێرکـاریگەری حەز و ئاراسـتە فکـری و ئایـدۆلۆجیەکەی؟، ئـایە هۆکـارێکی زاڵ و گەورە کـردوە بەسـەر هۆکارەکانی تر؟...، بۆ ئەو مەبەستە لە خوارەوە بە کورتی گرنگترین ئەو لێکدانەوە فەلسەفییانە دەخەینەڕوو، پاشان ئەندازەی کاریگەریان بەسەر نەوشیروان مستەفاوە گەنگەشە دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم: لێکدانەوەی جوگرافی بۆ مێژوو

ئەمە بە یەکێک لە کۆنترین لێکدانەوەکان بۆ مێژوو دادەنرێ، بەجۆرێک ئەگەر سەیری ئەفسانە کۆنەکان بکرێ، بە ئاشکرا هەست بە کاریگەری جوگرافیا دەکرێ لەسەر تێڕوانینی مرۆڤی ئەو رۆژگارە، کە بە پیرۆز سەیری زۆر لە دیاردە سروشتییەکانیان کردووە (ئەلزەیدی، 2015: 142). لای فەیلەسوف و مێژوونووسە یۆنانییەکانیش لێکدانەوەی جوگرافی دەبینرێ، بۆ نموونە هیرۆدۆتس (Herodotus 425-484 پ.ز) دەڵێ: "کورش پاشای فارسەکان، رازی نەبوو سەرکردایەتی گەلەکەی بکات، تا زەوی بەپیتی زیاتر داگیربکەن،[ چونکە پێی وابوو ] ئاووهەوای ئەو ناوچەیە لاوازیان دەکات" (الملاح، 2007: 208).

دواتر ئەو فکرەیە بۆ مێژوونووس و جوگرافیناسە رۆمانییەکان گواستراوەتەوە (الملاح، 2007: 209)، پاشان مێژوونووسە عەرەبەکانیش کەوتونەتە ژێرکاریگەری لێکدانەوەی جوگرافی. لە سەرووی هەموویانەوە عەبدولرەحمان ئیبن خەلدون (1332 – 1406ز)، کە لە پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا، باسی کاریگەری جوگرافیا دەکات، ناوبراو جیهان دابەشدەکات بۆ سێ ناوچەی ئاووهەوای جیاواز، ناوچەی باکوور (سارد)، ناوچەی باشوور( گەرم)، ناوچەی ناوەڕاست (ئاووهەوای مام ناوەند). لە دیدی ئیبن خەلدون ئاووهەوای ساردی ناوچەی باکوور وایکردووە کەسانی ئازا و بیرمەند و چالاک و زیرەک لە ناوچەکەدا دەربکەون، کە بۆ فەرمانڕەوایی گونجاون، هەرچی خەڵکی ناوچەی باشوورە، بەهۆی بەرزی پلەی گەرماوە کەسانی تەوەزەلن و کەمتر پێشکەوتوو و شارستانین (ئەلزەیدی، 2015: 142، 143)، عاشقی ڕەقس و سەما و هەڵپەڕکێن، لەهەموو جیهان بەبێ ئەقڵ و نەفام باسدەکرێن ( بن‌خلدون، 2016: 273)، هەروەها پێی وایە هەرچی خەڵکی ناوچە فێنکەکانە لە رووی جەستە و رەنگ و کەسایەتی و ئەخلاقەوە راسترەوترن، تەنانەت پێغەمبەرانیش لەناو ئەوان هەڵبژێردراون ( بن خلدون، 2016: 265، 275).

لەسەردەمی نوێشدا، دەیان فەیلەسوف و مێژوونووس پشتگیریان لەم لێکدانەوەیە کردووە، بەرچاوترینیان مۆنتسکیۆ( Montesquieu 1689-1755)، کە پێنج بەشی کتێبەکەی"روحی یاساکان" تەرخانکردووە بۆ کاریگەری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئاووهەوا و ژینگەی جوگرافی لەسەر هەرێمەکان و کاریگەریان لەسەر گۆڕانی یاساکان بەپێی ئاووهەوای ئەو هەرێمانە ( (مۆنتیسکۆ، بێ ساڵ: 332، 345). هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە (لێکدانەی جوگرافی بۆ مێژوو) هەیە، پێیان وایە هەڵکەوتەی جوگرافی(جیۆپۆلەتیک) ، تۆبۆگرافیا (بەرزونزمی) و ئاووهەوا، تاکە هۆکارە یان هۆکاری سەرەکییە لە ئاڕاستەکردن و دیاریکردنی ئەنجامی ڕووداوەکاندا (عەبدولکەریم، 2009: 106).

لە ڕاستیدا کەس ناتوانێ نکوڵی لە کاریگەری جوگرافیا بەسەر ڕووداوە مێژووییەکانەوە بکات، بەڵام ڕادەی کاریگەری جوگرافیا بەپێی فاکتەری کات و شوێن دەگۆڕێت، ڕەنگە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەو کاریگەرییەی جارانی نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جوگرافیا بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا، بەڵام بە دڵنیاییەوە تاکە هۆکاری کاریگەر نییە. هەر وەک ئابووریناسی سویسری (جان چارلس سیمۆندی 1773–1842) دەڵێ :"...جوگرافیا ڕاڤەی مێژوو ناکات، چونکە مرۆڤ مێژوو دروست دەکات، مێژوو لە حاڵەتی گۆڕاندایە ئەمە لە کاتێکدا دیاردەی جوگرافی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە" (ئەلزەیدی، 2015: 149، 150). بۆ نموونە وڵاتێکی وەک یۆنان کە سەردەمانێک لەهەرە وڵاتە بەهێزەکانی جیهان بووە، کە ئەریستۆ( Aristotle 384-322 پ.ز) ئەمەی بۆ هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی گێڕاوەتەوە (سابیر، 2005: 123) ؛ (الملاح، 2007: 208)، کەچی یۆنان بە هەمان شوێنی جوگرافییەوە دواتر بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ، دەورێکی ئەوتۆی نابێ لە سیاسەت و ئابووری جیهانیدا.

ئەگەر سەرنج بدرێتە کتێبەکانی نەوشیروان مستەفا، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە نووسەر باوەڕی قوڵی بە کاریگەری شوێنی جوگرافیا بەسەر مێژووەوە هەیە، بە تایبەتی بۆ مێژووی کورد. ئەو دەنووسێ :"... لێکۆڵینەوەی مێژوی کۆن و نوێی نەتەوەی کورد، بە ئاشکرا دەری ئەخا کە هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی ژیانی کورد لەسەر ئەرز، دەوری بڕیاردەری هەبوە لەدیاریکردنی چارەنوسی ڕابردو و ئێستای دا" (ئەمین، 2007: 5). لە دیدی نەوشیروان مستەفادا، کورد قوربانی دەستی جیۆپۆلەتیکەکەیەتی (ئەمین، 2007: 272)، نەک لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی جوگرافی بێ کەڵکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدبەختییەکەی لە گرنگی و ستراتیجی شوێنەکەیدایە کە کەوتۆتە چەقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە (ئەمین، 2007: 5). ناوبراو پێی وایە، بەهۆی ئەو هەڵکەوتە جوگرافیە گرنگەوە، لە دێرزەمانەوە کوردستان بۆتە جێگەی چاوتێبڕینی هێزە باڵادەستەکانی ناوچەکە و، بۆتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسی و سەربازییەکانی هێزە گەورەکان، بۆ نموونە شەڕی گۆگامێلا (331 پ.ز) و شەڕی نەهاوەند (642ز) و شەڕی چاڵدێران (1514) و...هتد، هەموو ئەوانە لەسەر خاکی کوردستان ڕوویانداوە، بەبێ ئەوەی کورد ڕۆڵی لە هەڵگیرسانی ئەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

جەنگانەدا هەبووبێ، کەچی گەلی کورد قوربانی سەرەکی ئەو جەنگانە بووە، چونکە خاکەکەی بۆتە مەیدانی شەڕ و لەشکرکێشییەکان، بەم هۆیەش جگە لە هەرەسهێنانی ژێرخانی ئابورییەکەی، لە رووی مرۆییشەوە توشی کارەساتی گەورە بووە(ئەمین، 2007: 5، 7، 14، 21، 22، 38، 39، 271، 273).

هەروەها نەوشیروان مستەفا باس لەوەدەکات، ئەگەر لەکۆندا کورد هەر باجی شوێنی ستراتیجی سیاسی و سەربازی و ئابووری خۆی دابێ، ئەوە لە سەدەی بیستەمدا، باجی (دەوڵەمەندی خاکەکەی بە نەوت) یشی هاتۆتە سەر و، بۆتە مایەی چاوتێبڕینی زیاتری وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەر، بەجۆرێک لەبری خۆشگوزەرانی، نەوت بۆتە مایەی نەهامەتی بۆ خاوەنە رەسەنەکەی(ئەمین، 2007: 272، 273).

لە راستیدا لە دیدی نەوشیروان مستەفا، شوێن و ژینگەی جوگرافی کوردستان لەچەند رووێکی ترەوە زیانی لە چارەنووسی کورد داوە، چونکە لەلایەک بەهۆی زۆری شاخ و دۆڵ و تەپۆڵکە و بەربەستە سروشتیەکان، وایکردووە ناوچەیەکی لەیەک دابڕاوبێ، بەمەش بۆ دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو هاوکارنەبێت(ئەمین، 2007: 187، 188). ئەمە جگە لەوەی نەبوونی دەریا و سنوری ئاویی لەگەڵ دەرەوە و، نەبوونی تەنانەت سنوری وشکانی لەگەڵ رێژەیەکی زۆری وڵاتان، وایکردوە دەرگای دەرەوە بەڕووی شۆڕش و سەرکردەکانی کورد دابخرێت، بەمەش جیۆپۆلەتیکی کوردستان ئازادی هەڵبژاردن و دیاریکردنی دۆست و دوژمنی لە سەرکردەکانی کورد سەندۆتەوە(ئەمین، 2007: 219). هەربۆیە زۆربەی کات میر و دەسەڵاتدارە کوردەکان لەکاتی پێویست بەناچاری پەنایان بۆ داگیرکەر و دوژمنانی خۆیان بردوە. تەنانەت لە تێڕوانینی نەوشیروان مستەفادا دۆستایەتی حکومەتی کوردستان (مەهاباد) لەگەڵ سۆڤیەت، دۆستایەتییەکی ناچاری بووە، چونکە حکومەتی کوردستان لە سێ لاوە بە نەیار (ئێران، تورکیا و عێراق) دەورە درابووە، بۆیە تاکە دەرچە بە روویدا سنوری یەکێتی سۆڤیەت بووە، بەمجۆرە دنیای دەرەوەی زۆر تەنگ بووە، کە هەر ئەمەش هۆکارێکی گرنگی روخانی حکومەتی کوردستان بووە (ئەمین، حکومەتی کوردستان...، 2007: 219، 263-265).

شیاوی ئاماژەیە نەوشیروان مستەفا پێی وایە، جوگرافیای کوردستان کاریگەری ئەرێنیشی هەبووە بەسەر چارەنووسی کوردەوە، لەلایەک سروشتی شاخاوی کوردستان وایکردووە شوێنێکی گونجاوبێت، بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی لەباردا میرنشین و ئەمارەتی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ، هەر لە سەردەمی عەباسییەکانەوە و تا سەردەمی عوسمانییەکان سەرهەڵبدەن، ئەمە جگە لەوەی ناوچە شاخاوی و سەختەکان هۆکار و پەناگەیەک بوون، هاوکاری کورد بوون تا لە بەرامبەر فشار و هێرشی دراوسێکانیدا خۆی بپارێزێت (ئەمین، 2007: 7، 187).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەمجۆرە دەکرێ بوترێت، نەوشیروان مستەفا باوەڕێکی بەهێزی بە کاریگەری جوگرافیا بەسەر مێژووەوە هەیە (ئەمین، 2007: 7، 76) ؛ (ئەمین، 2012: 67)، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەوەوە هەبێ، بەجۆرێک ئەو وەک ڕۆژنامەنووس و شارەزای سیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئاگاداری ئەوە بووە کە جیۆپۆلتیک چ کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان وڵاتان، هەروەها وەک سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی لە نزیکەوە ئاگاداری کاریگەری ئاووهەوا و شوێنی جوگرافی لەسەر ئەنجامی جەنگەکان بووە، تەنانەت خۆی بینەری ئەوە بووە کە چۆن (ژەنەڕاڵ بەفر) لە تشرینی دووەمی 1978، شکستی بە هێرشی سوپای عێراق بۆسەر ناوزەنگ هێناوە (ئەمین، 1997: 360–361). لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ڕووانینی ئەودا جوگرافیا تاکە هۆکاری کاریگەر نیە لە لێکدانەوەی مێژوودا، بەڵکو تەنها هۆکارێکی کاریگەرە، چونکە هۆکاری تریش هەن، کە کاردەکەنە سەر ئاراستەی مێژوو و دەیجوڵێنن، ئەمە جگە لەوەی لە هیچ شوێنێکدا ناوبراو باسی لە کاریگەری کەشوهەوا لە سەر توانای جەستەیی و عەقڵی مرۆڤ نەکردووە، وەک ئەوەی ئیبن خەلدون و ئەوانی تر بانگەشەی بۆ دەکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## تەوەرەی دووەم: لێكدانەی پاڵەوانی بۆ مێژوو

لێكدانەوەی پاڵەوانی بۆ مێژوو، كە لێكدانەوەی ( تاكەكەسی، كاریزمایی و قارەمانی) یشی بۆ بەكاردەهێنرێت، لە هەرە كۆنترین لێكدانەوەكانە بۆ مێژوو، كە رەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگارە دێرینەكان (عەبدولكەریم، 2009: 101)، لە رۆژگاری كۆندا باوەڕ وابوو كە ئەوە جەنگاوەرە ئازا و دلێرەكانن بوونەتە بزوێنەری مێژوو (عەلی، 2018 : 18)، ئەمە بە واتای ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبوو، كە ئەو جەنگاوەرە ئازایانە لە پلەیەكی باڵاتری هێز و توانای هزری و جەستەیی بە بەراورد بە خەڵكی گشتی دان (عەلی، 2018 : 24).

لە راستیدا لە كۆنەوە مشتومڕ و چەندوچوونێكی بەردەوام لە نێوان مێژوونووساندا هەیە، لەبارەی پرسی ئایە مێژوو بەرهەمی تاكەكانە یان كۆمەڵگا؟ ئایە كامیان رووداوەكان دروست دەكەن؟ ئەگەر بەرهەمی تاكەكانە، ئایە تاكەكان (بەتایبەتی سەركردەكان) كوڕی ڕۆژگاری خۆیانن یان دروستكەری سەردەمەكانیانن؟(الملاح، 2007: 221)، ئەوانەی باوەڕیان بە لێكدانەوەی پاڵەوانی بۆ مێژوو هەیە، باوەڕیان وایە مێژوو بەرهەمی كاری پیاوە ئازاكانە(عەلی، 2018 : 24)، لە دەرەوەی كار و كردەوەی پیاوە مەزنەكان، شتێك نییە بەناوی مێژوو، پیاوە مەزنەكان ( پاڵەوانەكان) بەتەنها دەتوانن ئاڕاستەی مێژوو بگۆڕن و، مێژوو لە قۆناغی داكشان و چەقبەستنەوە بگوازنەوە قۆناغێكی تر(سابیر، 2005: 174، 175) ؛ (شەریعەتی، 2016: 148).

بە درێژایی سەدەكانی كۆن، ناوەڕاست، نوێ و هاوچەرخ، كەمنین ئەو نووسەر ومێژوونووسانەی پشتگیریان لەم لێكدانەوەیە كردووە، لە سەروی هەموویانەوە ئەدیب و فەیلەسوفی سكۆتلەندی تۆماس كارلایلە (1795-1881 Thomas Carlyle )، كە لە دیدی ئەو مێژوو تەنها بریتییە لە ژیاننامەی مرۆڤە مەزن و پاڵەوانەكان و، شتێكی تر نیە (ئەلزەیدی، 2015: 135). پاشان ئەم لێكدانەوەیە لەلایەن كۆمەڵناسی ئەڵمانی ماكس ڤیبەر Max weber 1864-1920 و فەیلەسوفی فەڕەنسی هنری برجسون( Henri Bergson 1859-1941 ) زیاتر جەختی لەسەر كراوەتەوە(بڕوانە: عەلی، 2018 : 31– 89).

شیاوی ئاماژەیە، تەنها بەو كەسایەتییانە دەوترێت پاڵەوان، كە كاری باش دەكەن و چاكەكاری بۆ مرۆڤایەتی دەهێنن، ئەوانەی رۆڵی نەرێنی دەگێڕن لە كۆمەڵگادا، پێیان دەوترێ پاڵەوانی شكستخواردوو (ئەلزەیدی، 2015: 131). لە راستییدا تاكەكان وەك یەك و بە یەك ئەندازە بەشداری لە رووداوە مێژووییەكاندا ناكەن و، وەك یەك كاریگەری ناكەنە سەر رووداوە مێژووییەكان، بۆیە دەكرێ بوترێت راستە تاكەكان (سەركردەی سیاسی و سەربازی بن، یان شاعیر و نووسەر و پێغەمبەران...هتد) دەكرێ رۆڵی ئەرێنی و نەرێنی زۆر بكەنە سەر رووداوەكان، بەڵام بە بێ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمەکانیان، ئەوان ناتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی تاکەکەس لە مێژوودا پەیوەستە بە کات و شوێنەوە، بێگومان لە سەردەمی ئێستادا و لە وڵاتێکی خاوەن دەزگا و دامەزراوەدا تاک ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گەورەیە ببینێت، وەک ئەوەی چەند سەدەیەک و لە وڵاتێکی نادیموکراسی دەیبینێت.

ئەوەی پەیوەستە بە کاریگەری لێکدانەوەیەی پاڵەوانی بەسەر نەوشیروان مستەفاوە، وا دەردەکەوێت ناوبراو باوەڕی بە ڕۆڵی تاک هەبووە لە مێژوودا، بەڵام باوەڕی بە لێکدانەوەی پاڵەوانانە بۆ مێژوو نەبووە، ئەمەش بە واتای ئەوەی لە دیدی ئەودا، دەکرێ تاکەکان ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی گەورە لە هەندێک دۆخی دیاریکراودا بگێڕن و، کار بکەنە سەر ئاڕاستەی ڕووداوەکان، بەڵام لە دەرەوەی ئەو ژینگە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی تیایدان، ناتوانن هەمان ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن.

لەڕاستیدا لەناو بەرهە مێژووییەکانی نەوشیروان مستەفادا باسی ئازایەتی و لێهاتوویی و دووربینی چەندین کەسایەتی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی کورد، وەکو: مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1777–1827) ، شێخ عوبێدوڵڵای نەهری (1830–1883) و قازی محەمەد (1901–1947) و...هتد، بەرچاو دەکەون، بەڵام ئەو هیچ کام لەمانە بەکاریزما ناکات. بۆ نموونە کاتێک باسی مەولانا دەکات، باس لە لێهاتووی و زیرەکی ناوبراو دەکات، کە چۆن لە خێزانێکی خێڵەکی نەناسراوی هۆزی "مکائیلی جاف"ەوە خۆی پێگەیاندووە، دواتر لە تەمەنی کەمتر لە 20 ساڵیدا (1797) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە و، لە ماوەیەکی کەمدا هەزاران مورید و سۆفی لە دەوری تەریقەتی نەقشبەندی کۆکردۆتەوە، هەموو ئەوانە و چەندین هەڵوێست و بۆچوونی مەولانە باس دەکات و دەیانکاتە بەڵگە لەسەر زیرەکی و لێهاتوویی و دووربینی مەولانا، بەڵام ئەو وەک فەیلەسوفانی مێژوو نایەت لێکدانەوە بۆ مەولانا بکات، بە جۆرێک بە بەخششێکی خوایی، یان لە سەروی سروشتی دابنێت، بەڵکو جگە لە لێهاتوویی مەولانا، لە دیدی نەوشیروان مستەفا ژینگەی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتی باشووری کوردستان لەباربووە، تا مەولانا لە بانگەشەی تەریقەتەکەیدا سەرکەوتووبێ، تەنانەت لە دیدی نەوشیروان مستەفا چونکە ژینگەی ناوچە شیعەنشینەکان لەبارنەبووە، بۆیە مەولانا نەیتوانیووە هیچ زانایەکی ئاینی شیعە بانگهێشتی تەریقەتی نەقشبەندی بکات (ئەمین، 2012: 161– 253).

هەروەها نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: "... قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حاکمانی بەبەش کە دواییتر لە ئەدەبی کوردی دا بە (موڵکی بابان) و ( دارلمولکی بابان)ناوبراوە، بە پێ ی خورتی و لاوازیی مەزنەکانی بابان و، گۆڕانی تەرازوی هێزی نێوان ئەمان و ئەمارەتە دراوسێکانی،... و نێوان دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێرانی، تەنگ یا فراوان بووە"


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(ئەمین، 1998: 42)، دواتر ناوبراو بۆچوونێکی نزیک لەوەی، بۆ سنووری میرنشی سۆرانیش دەربڕیووە (ئەمین، 2007: 140). لەم بۆچوونانەی نەوشیروان مستەفا ئەوە هەڵدەهێنجرێ، کە ناوبراو باوەڕی بە ڕۆڵی تاکەکەس هەبووە، بەلاّم لە ڕووانینی ئەودا تاکەکەس بەتەنها کاریگەری ناکاتە سەر ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو تەنها یەکێکە لە هۆکارەکان. ئەمە جگە لەوەی ناوبراو بە ئاشکرا لە چاوپێکەوتنێکدا ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە قارەمانی ڕاستەقینە هەمیشە میللەتە و، هیچ کەسێکیش بەتەنها ناتوانێت ببێتە قارەمان (نورەدین، 2011: 478) ، هەروەها ناوبراو ڕەخنەی لەو کەسانە گرتووە، کە لە ڕابردوودا هەندێک قارەمانی ئەفسانەییان لە مێژووی کورد دروستکردووە، لە کاتێکدا ئەوانە مرۆڤی ئاسایی بوون و ئیشی باش و خراپیان هەبووە، تەنانەت نەوشیروان مستەفا ئەم کارەی بە (دێواندن) ناوبردووە (نورەدین، 2011: 478-479).

جێگەی سەرنجە، نەوشیروان مستەفا پێی وایە، کە بە درێژایی مێژوویی نوێ و هاوچەرخ، تاکی کورد بە توندی کاریگەربووە بە هەستی خێڵەکی و هۆزایەتی، ئەو هەستە خێڵەکییە هەمیشە خاڵێکی کاریگەربووە لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوی مێژوویی لای کورد (ئەمین، 2015: 7، 11)؛ کە ئەمەش نزیکە لەوەی کە ئیبن خەلدون لە( زانستی ئاوەدانی – عیلم العمران)، لەبارەی کاریگەری (عەسەبیەت – دەمارگیری) لەسەر دەرکەوتن و کۆتایی پێهاتنی فەرمانڕەوایەتییەکان باسی کردووە (خلدون، 2016: 344) ؛(الملاح، 2007: 149 ، 171).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## تەوەرەی سێیەم: لێكدانەوەی ڕەگەزپەرستی بۆ مێژوو

ئەو لێكدانەوەیە بۆ مێژوو بەواتای ئەوە دێت، كە مرۆڤەكان لە ڕووی ڕەچەڵەك و توانای جەستەیی و عەقڵیشەوە لە یەكتر جیاوازن، بە جۆرێك هەندێك ڕەچەڵەك بە بەراورد ڕەگەزەكانی تر، لەپێشتر و سەركەوتووترن بۆ داهێنان و پێشخستنی شارستانی، هەروەها لەناو یەك ڕەگەزیشدا چینی باڵا (بۆ نموونە خانەدانەكان)، لەپێشتر و باڵاترن بە بەراورد بە چینی هەژار و كەمدەرامەت، یاخود ئەوانەی سپی پێست و چاوكاڵ و قژزەردن، باڵاتر و سەركەوتووترن بە بەراورد بە كەسانیتر (الملاح، 2007: 213، 214).

شیاوی ئاماژەیە، نووسەر و توێژەری فەرەنسی ئارسەر گۆبینۆ(Arthur de gobineau 1816–188) بەرچاوترین بانگەشەكاری ئەو لێكدانەوەیە، گۆبینۆ پێی وایە زمانی یۆنانی، لاتینی، فارسی، سانسكریتی كۆن لەگەڵ هەموو زمانە ئەوروپییەكان لەیەك خێزانی زمانەوانین و هیندۆ ئەوروپین، بۆیە لە ڕووی ڕەگەزیشەوە خزمن، لە دیدی گۆبینۆ ئەوانە باڵادەسترن بەسەر ڕەگەزەكانی تر، هەروەها زیاتر شارستانیان بنیادناوە و داهێنانین كردووە، تەنانەت بانگەشەی ئەوەی كردووە كە لە جیهاندا بەشێوەیەكی سروشتی و بایۆلۆجی دوو ڕەگەزی جیاواز هەیە، یەكیان داهێنەر و ئەوی تریان نەزۆك (بێ بەرهەم)، كە هیچ هێزێك ناتوانێ ڕەگەزێكی نەزۆك بكاتە داهێنەر و، پێی وایە نابێت لە ڕووی هاوسەرگیرییەوە ئەو دوو ڕەگەزە تێكەڵێ یەكتربن (الملاح، 2007: 214، 217).

لە ڕاستییدا، ئەو لێكدانەویە لە ڕاسیزم (ڕەگەزپەرستی )یەوە سەرچاوەی گرتووە و، هیچ پێوەرێكی زانستی و مرۆڤایەتی و ئەخلاقی پشتگیری لەو فكرەیە ناكات، ئەگەرچی شتێكی ئاشكرایە مرۆڤەكان لە ڕووی ڕەگەز و ڕەنگی پێست و جەستە و ڕوخسار جیاوازن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزێكی تردا، یان چینێك بەسەر چینێكی تردا باڵا بكرێت و، هەندێك بە داهێنەر و هەندێك بە بێبەرهەم هەژماربكرێن.

ئەوەی پەیوەستە بە كاریگەری ئەو لێكدانەوەیە بەسەر نەوشیروان مستەفاوە، هیچ ئاماژە و بەڵگەیەك نیە هانمان بدات بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بكەین، كە ناوبراو لە ژێر كاریگەری ئەو لێكدانەوەیەدا بوو‌بێت، تەنانەت ئەو لە چەندین شوێنی بەرهەمەكانیدا ڕەخنەی توندی لە مێژوونووسە ڕەگەزپەرستەكانی تورك و عەرەب و عەجەم گرتووە، كە بە گیانێكی نازانستی و ڕەگەزپەرستانە مێژوویان نووسیوەتەوە(ئەمین، 2007: 58، 59). ئەگەرچی ئامانجی سەرەكی نەوشیروان مستەفا لە لێكۆڵینەوەی مێژووییدا، خزمەتكردنی نەتەوەكەی بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت كە ئەو بە چاوێكی ڕەگەزپەرستانە لە مێژووی ڕوانیبێت و، كوردی زاڵكردبێ بەسەر نەتەوەكانی تردا، یاخود هەوڵی شێواندنی ڕاستییەكانی دابێت و، مێژوویەكی بۆ نەتەوەكەی هەڵبەست بێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە ناوبراو ڕەخنەی لە بەشێكی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

نووسەر و مێژوونووسانی کورد گرتووە، کە گوایە سەرەتایەکی وەهمیان بۆ ئەدەبی نووسراوی کوردی دروست کردووە ( ئەمین، 2012: 227–228)، لە راستیدا ئەو هەوڵیداوە لە رێگەی زانستی مێژووەوە خزمەتی نەتەوەکەی بکات، بە بێ ئەوەی لە مێژوو و بەهای نەتەوەکانی تر، کەم بکاتەوە.

راستە نەوشیروان مستەفا باسی زوڵم و ستەم و خراپەی دەسەڵاتدارانی بێگانەی دژی کورد کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا لە دەیان شوێنی بەرهەمەکانیدا باسی خراپی و لایەنی نەرێنی بەشێک لە گروپ و سەرکردە کوردییەکانیشی کردووە، بۆ نموونە لە بارەی پەیوەندی کورد و راووڕوت (جەردەیی)ەوە دەنووسێت:"کورد بەگشتی لەم بابەتەوە خۆشناو نیە. هەر گەڕیدەیەک و رێبوارێکی بێگانە رێگەی کەوتبێتە کوردستانەوە باسی دزیی و رێگریی و روتکردنەوە یەکێ بوە لە تێبینیەکانی..." (ئەمین، 2015: 7، 87، 88). هەروەها وەک چۆن نەوشیروان مستەفا باسی لە فێڵ و خیانەتی سەرکردە عەجەمەکان دژی سەردارانی کورد کردووە، بە هەمان شێوە باسی لە کوژرانی پێشەوای دینی و دونیایی ئاشوورییکان (مارشەمعون)، بە دەستی سمکۆی شکاک (1887–1930) کردەوە، لە هەمان کاتدا بە کارێکی ناجوامێرانە و دوور لە نەریتی کوردەواری هەژماریکردووە(ئەمین، 2007: 376، 380).

لەلایەکی ترەوە، گەرچی نەوشیروان مستەفا لە خێزانێکی تاڕادەیەک دەوڵەمەندبووە، بەڵام لە لاوێتیەوە تا کۆتایی ژیانی، داکۆکی لە مافی چینی جوتیار و رەنجدەری کورد کردووە، تەنانەت لە سەرەتایی لاوێتی و گەنجییەوە چەندین هۆنراوەی بەپێزی بۆ پشتگیری ئەو چینە هۆنیوەتەوە، کە تیایاندا بە پاڵەوان و چینە ماندووەکەی کۆمەڵگە وەسفیکردوون (ئەمین، 2015: 7، 87، 88).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## تەوەرەی چوارەم: لێکدانەوەی ئاینی بۆ مێژوو

ریشەی ئەو لێکدانەوەیە بە قەت تەمەنی ئاینەکان دێرینە، لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینەکان ئەم لێکدانەوەیەش سەریهەڵداوە، مەبەست لەم لێکدانەوەیە بریتییە لە روانین و لێکدانەوە بۆ مێژوو لە چوارچێوەی ئاینێکی دیاریکراودا. لە راستیدا شوێنکەوتەکانی هەر ئاینێک تێڕوانین و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ دەستپێکردنی مێژوو و کۆتایی هاتنی، بۆ ئامانجی مێژوو و بزوێنەرەکانی، بۆ رۆڵی مرۆڤ و چاودێری خوداوەند و...هتد (الملاح، 2007: 62، 125) ؛ (ج.ویدجری، دون السنة طبع: 9، 175). لە راستیدا پرسی ئاین لای نەوشیروان مستەفا، بە یەکێک لە بابەتە ئاڵۆزەکان دادەنرێت، چونکە خۆی کەمی لێ دواوە و، زۆرجاریش لەلایەن نەیارەکانییەوە تۆمەتی بێ دینی و دژە دینی خراوەتە پاڵ. ئەگەرچی وەک نزیکەکانی دەڵێن ئەو بەئاشکرا وابەستەی هیچ ئاینێک نەبووە ( رەزا، 2019، چاوپێکەوتن) بەڵام ئەوە بە مانای بێ باوەڕی ناوبراو نایەت، بەڵکو لە سەردانی بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی (لە ساڵی 2009)، بە ئامادەبووانی دانیشتنەکە دەڵێت: "... دەمەوێت دڵنیاتان بکەم من باوەڕدارم و، خۆشم بە مسوڵمان دەزانم..." (لینکە ڤیدیۆکە: https://m.youtube.com/watch?v=2cp-qthyqq0)، ئەو وتەیەی نەوشیروان مستەفا راستی بووە یاخود لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی؟، وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە گرنگ نییە، تەنانەت باسکردنی لێرەدا، تەنها وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناو پرسە سەرکیەکە (کاریگەری نەوشیروان مستەفا بە لێکدانەوەی ئاینی بۆ مێژوو) بەکارهێنراوە.

وا دەردەکەوێ، کە نەوشیروان مستەفا باوەڕی بە رۆڵی ئاین لەسەر مرۆڤ و رووداوە مێژووییەکان هەبووە، بەڵام لە ژێر کاریگەری لێکدانەوەی ئاینی بۆ مێژوو نەبووە، بۆ نموونە ناوبراو لە چەندین شوێندا باسی لە کاریگەری ئاین لەسەر تاکی کوردی کردووە، بۆ نموونە لەبارەی بنەماڵەی شێخ عوبێدوڵلای نەهری دەنووسێت:"... دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش پایەی دینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی لەجاران بەهێزتر کردن" (ئەمین، 2007: 184). هەروەها ناوبراو باس لەوە دەکات، کە پاڵنەری دینی کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەوەی زۆربەی کورد لە رۆژانی جەنگی یەکەمی جیهانی ( 1914–1918 )، بە دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بمێنیتەوە و، تەنانەت لە چەندین بەرەی شەڕدا هاوکاری سوپای تورک بکەن(زەمین، 2007: 253) ؛ (ئەمین، 2019: 23). ئەمە جگەلەوەی لە دیدی نەوشیروان مستەفادا، کورد بە سەرکردایەتی سمکۆی شکاک، بە هۆی کاریگەری هەستی دینییەوە، لە شەڕی نێوان ئاشووری – عەجەمدا (شوباتی 1918)، سەرەڕای ستەمکاری چەند سەدەی عەجەمەکان، کەچی هەر پشتگیری ئەوانیان کردووە (ئەمین، 2007: 376).

بەڵام لە هەموو ئەو رووداوانەدا، لە دیدی نەوشیروان مستەفادا، هەستی ئاینی تەنها هۆکارێکی گرنگ بووە، نەک تاکە هۆکار بووبێت. جێگەی ئاماژەیە، ئەگەرچی وەکو وتمان ئەو باوەڕی بە کاریگەری ئاین لەسەر مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانیدا باسی لە چاودێری خودایی لە مێژوودا نەکردووە، وەک هەندێک لە مێژوونووسان لەم روانگەیەوە لێکدانەوە بۆ مێژوو دەکەن(کۆمەڵێک نووسەر، 2017: 58)، کە وا وێنای دەکەن مێژوو شانۆیەک بێت بۆ جێبەجێکردنی ویستی خودا لەسەر زەوی و، خوداوەند خۆی بڕیاردەری یەکەم وبزوێنەری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ڕووداوەکان بێت، نەک ویستی مرۆڤ( نصرالله، 2007: 29-30)، بەلاّم ناوبراو نەک لەم چوارچێوەیەدا لە مێژووی نەڕوانیووە، بەڵکو رەخنەی لە مێژوونووسی کورد ( شەرەف خانی بەدلیسی 1543-1604) گرتووە، کە هۆی سەرنەکەوتن و ناکۆکی ناوخۆیی کوردی بۆ ویستی خواوەند و لێکدانەوەی ئەفسانەیی بردووە ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەمین، 1998: 8- 9 )؛ ( البدليسي، 2006: 61-62).

ماوەتەوە بڵێین، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، جۆرێک لە ناکۆکی و ململانێی توند لە نێوان مێژوونووس و نووسەرانی عەلمانی و ئیسلامی کورد دەبینرێت، کە ئەمە لە نووسینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووییشدا رەنگی داوەتەوە، کە هەر لایەکیان ویستوویەتی بە سوود وەرگرتن لە مێژوو، کۆمەک بە بۆچوونەکانی خۆی بکات و لایەنی بەرامبەریش ناشیرن بکات، بەجۆرێک کەسانێک لە ژێر کاریگەری هەستی دینی، زێدەڕۆکارییان کردووە لە باسکردنی لایەنی ئەرێنی ئەو پێشەوا و سەرکردە کوردیانەی، کە پاشخان و نازناوێکی دینیان هەبووە. لە بەرامبەریشدا گروپێکەی تر لە ژێر کاریگەری بیری عەلمانیەتدا هەوڵی بێبایەخ کردن و شێواندنی مێژووی کەسایەتیيە سیاسی و خەباتگێڕەکانی کورد، ئەوانەی کە هێمایەکی دینیان هەڵگرتووە داوە، بەلاّم نەوشیروان مستەفا ناچێتە ریزی هیچ کام لەو دوو گروپەوە، بەڵکو ناوبراو بەشێوەیەکی بابەتی گوزارشتی لەلایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەریەک لەو سەرکردانە، دوور لە هەست وسۆزە کەسیەکانی کردووە، بۆ نموونە وەک چۆن ئاماژەی بە هەڵخەڵەتانی کورد بە دروشمی ئاینی کردووە، لە هەمان کاتدا لە چەندین شوێندا بە شکۆوە، باسی لە چەندین کەسایەتی کوردی (پاشخان ئیسلامی) کردووە، بۆ نموونە ناوبراو وەکو یەکێک لە گەورە پیاوانی کورد وەسفی سەلاحەدینی ئەیوبی (1193ز مردووە) کردووە(ئەمین، 1997: 76، 257) ، تەنانەت دەوترێت کە سەرسامی کەسایەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە (بەرنامەی دۆکۆمێنتاری: لەنێوان مەولانا خالید و نەوشیروان مستەفادا).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## 5- لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو:

ئەم تیۆرە کە بە لێکدانەوەیەی ماددی، ماتریالیزمی، دیالێکتیک و ئابووریش ناودەبرێت، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و، فەیلەسوفی ئەڵمانی کارل مارکس( Karl Marx 1818-1883) بە دامەزرێنەری سەرەکی ئەو لێکدانەوەیە دادەنرێ، گەرچی بەشێک لە بنەماکانی ئەم تیۆرە، پێشتر لای نووسەر و فەیلەسوفانی تر باسکراون. کرۆکی ئەم تیۆرە بریتییە لە بەسەنتەرکردنی پاڵنەری ئابووریی لە لێکدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی (یزبک، 1990: 40، 41) ؛ (عەبدولکەریم، 2009: 110). بە گوێرەی ئەم لێکدانەوەیە، ململانێی چینایەتی لەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان، لە کۆنەوە تا ئێستا بزوێنەری سەرەکی مێژوو بووە (ئەلزەیدی، 2015: 183) ؛ (کۆمەڵێک نووسەر، 2017: 66).

هەروەها مارکس و هاودیدەکانی، مێژوویان بەپێی سیستەمی ئابووری بۆ چوار قۆناغی سەرەکی دابەش کردووە: قۆناغی کۆمۆنی سەرەتایی، قۆناغی کۆیلایەتی، قۆناغی دەرەبەگایەتی و قۆناغی سەرمایەداریی، کە هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی خۆیان لە بارەی چینەکانی کۆمەڵگە و ململانێی چینایەتییەوە هەیە، هاوکات بانگەشەی ئەوەیان کردووە، لەکۆتاییدا لە ڕێگەی کردەی شۆڕشگێڕی، چینی کرێکار (پرۆلیتار) سەردەکەوێ و کۆتایی بە سیستەمی سەرمایەداری دێنێت، بەمەش ململانەی چینایەتی کۆتایی دێت و چینی کرێکار دەگاتە ئەو بەهەشتەی کە هەزاران ساڵە خەونی پێوە بینیووە، بەمجۆرەش سیستەمی سۆسیالیزمی دەستپێدەکات (رەحمانیان، 2016: 97، 103) ؛ (محمد، 2009: 97، 103) .

جێگەی سەرنجە، ماوەیەکی زۆر لە وڵاتانی سۆسیالیستی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت (1922–1990) گرنگیەکی زۆر بەم لێکدانەوەیە دەدرا، کەچی هەر لە سەردەمی مارکسەوە چەندین ڕەخنەی توند لەم تیۆرە گیراوە، بەتایبەتی هەندێ لە ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو تیۆرە زیاتر لەوەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بێت، دەرئەنجامی لێکدانەوەی مارکس بووە بۆ ئەو قۆناغەی تیایدا ژیاوە (کە سەرمایەدارەکان لەپێناو قازانجی زیاتر ڕۆچووبوون لە چەوساندنەوەی کرێکاراندا)، ڕەخنەگرەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مارکس مێژوونووس نەبووە، تەنانەت شارەزایەکی باشی قۆناغە مێژووییەکانیش نەبووە، بۆیە لەناو تیۆرەکەیدا چەندین هەڵەی مێژوویی گەورە دەبینرێت، کە نەشارەزایی مارکسیان لە بواری مێژوو پێوە دیارە ( محمد، 2009: 538–553) ؛ ( کومەڵێک نووسەر، 2017: 58).

لەراستییدا وا دەردەکەوێ، کە نەوشیروان مستەفا باوەڕی بەکاریگەری ئابووری بەسەر مێژوو هەبووە، ئەو دەڵێت: "... سیاسەت و ئابووری لەیەک جیا ناکرێنەوە، دوو شتن یەکتری تەواو دەکەن و یەکتری بەڕێوە دەبەن..." (لەتیف، 2009: 294)، هەر لەم سۆنگەیەوە ناوبراو لە چەندین ڕووداودا، وەکو هۆکارێکی گاریگەر باسی لە پاڵنەری ئابووری کردووە، بۆ نموونە لە بارەی ناکۆکی نێوان کورد و عەجەم دەنووسێت:"...کاربەدەستانی عەجەم چاوی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تەماعیان بڕی بوە سامان و داراییان[ مەبەستی ئێلی بڵباسە] و، دەیان ویست بە زەوتکردنی ماڵ و دارایی ئەوان خۆیان دەوڵەمەند بکەن..." (ئەمین، 2007: 40). هەروەها لە ڕوانینی نەوشیروان مستەفادا هۆکارێکی گرنگی دواکەوتنی ناوچەکانی کوردستان بۆ دواکەوتوویی لایەنی ئابووری گەڕاوەتەوە، کە ژێرخانی ئابووری دواکەوتوو، سەرخانی فەرهەنگی دواکەوتووی بەرهەم هێناوە(ئەمین، 2015: 141).

ئەمە بەو مانایە نایەت کە نەوشیروان مستەفا لێکدانەوەی مارکسییانەی بۆ مێژوو کردبێت، گەرچی ناوبراو لە تەمەنی گەنجیدا باوەڕی قوڵی بە مارکسیەت هەبووە، دواتریش دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بۆتە سکرتێری ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان )، بەڵام ئەمانە وای لێ نەکردووە بکەوێتە ژێر کاریگەری لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو، هەر بۆیە لە هیچ کام لە کتێبە مێژووییەکانی، هەست بە بوونی لێکدانەوەی مارکسیانە ناکرێت، بۆ نموونە نەوشیروان مستەفا باسی لە ململانێی چینایەتی وەک بزوێنەری مێژوو نەکردووە، لە هیچ شوێنێکیش بە شان وباڵی وڵاتانی سۆسیالستی دژی وڵاتانی سەرمایەداری هەڵنەداوە، ، تەنانەت ڕەخنەی لە بەشێکی نووسەر و توێژەرانی کورد گرتووە، کە لەژێر کاریگەری خۆشەویستیان بۆ شیوعیەت، بە ناڕاست باسیان لە کاریگەری ئەرێنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا (5ی تشرینی دووەمی 1917) بۆسەر پرسی کورد کردووە (ئەمین، 2007: 265-269، 307)، لەوەش زیاتر ناوبروا لە چاوپێکەوتنێکدا، ڕەخنەی لە بنەماکانی مارکسی گرتووە و بە نالۆژیکی وەسفی کردووە(لەتیف، 2009: 294-295).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجام:

**لەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، گرنگترینیان:**

1- نەوشیروان مستەفا باوەڕی بە کاریگەری جوگرافیا ( جیۆپۆلەتیک، تۆپۆگرافیا و ئاووهەوا ) بەسەر ڕووداوە مێژووییەکان هەبووە، بەڵام لە ڕووانینی ئەودا جوگرافیا تاکە هۆکاری پشت ڕووداوەکان نییە، بەڵکو تەنها یەکێکە لە پاڵنەرەکان.

2- نەوشیروان مستەفا پێی وابووە تاکەکەس دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە ڕووداوە مێژووییەکاندا بگێڕێ، بەڵام بەبێ ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گونجاو ناتوانێ هەمان ڕۆڵی گرنگ بگێڕێ، هاوکات ناوبراو دژی بە قارەمان کردنی سەرکردەکان بووە و بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە قارەمانی ڕاستەقینە تەنها میللەتە.

3- نەوشیروان مستەفا باوەڕی بە لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستی بۆ مێژوو نەبووە.

4- لە ڕووانینی نەوشیروان مستەفادا هەستی ئاینی، پاڵنەرێکی کاریگەر بووە لە ئاراستەکردنی ڕووداوی مێژوویی لای کورد، بەڵام ناوبراو لێکدانەوەی ئاینی بۆ مێژوو نەکردووە.

5- ئەگەرچی نەوشیروان مستەفا جەختی لەسەر کاریگەری ئابووری لە ئاراستەکردنی ڕووداوی مێژوویی کردۆتەوە، بەڵام بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو لۆژیکی نییە.

6- نەوشیروان مستەفا تەنها هۆکارێکی وەرنەگرتووە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو ناوبراو بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە و بابەتییانە بەدوای هۆکاری پشت ڕووداوەکان گەڕاوە و بێلایەنانە دەریخستوون، تەنانەت لە دیدی ئەودا دەکرێ چەندین هۆکار بەیەکەوە ڕووداوێکی مێژوویی ئاراستە بکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# التفسير الفلسفي للتاريخ عند نوشيروان مصطفى أمين

**ازاد علي مولود** **قسم التاريخ، كلية العلوم الانسانية ، جامعة رابەرين،رانية ،اقليم كردستان،عيراق.**

**ئيمەيل** azad.45456@gmail.com

**اراس عبدالرحمان مصطفى** **قسم التاريخ، كلية العلوم الانسانية ، جامعة رابەرين،رانية ،اقليم كردستان،عيراق.**

**ئيمەيل** aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**قادر محمد محمد** **قسم التاريخ، كلية العلوم الانسانية ، جامعة رابەرين،رانية ،اقليم كردستان،عيراق.**

**ئيمەيل** qadr.muhammed@uor.edu.krd

**الملخص:**

نوشيروان مصطفى أمين (1944-2017) شخصية سياسية كردية معروفة، كان له دور بارز ومهم في حياته السياسية والنضالية في كوردستان الجنوبية ولهذا السبب أنه قد عرف عند الناس كشخصية سياسية اكثر من كونه كاتبا و مؤرخا، ولكن عندما نقرأ ونتأمل مؤلفاته التاريخية نجد منها أن جانب الكتابة والتأليف كان متساويا بحياته السياسية. ان هذه الدراسة تتناول اسلوب ومنهجية كتابة التاريخ عند ( نوشيروان مصطفى أمين) وتركز على التفسير والتحليل الفلسفي للتاريخ لديه. يظهر جليا ان نوشيروان مصطفى كان مطلعا على التفسيرات الفلسفية للتاريخ، نظرا لان في كتبه التاريخية يتجلى ذلك بوضوح تام، لكنه لم يفسر الأحداث التاريخية في إطار مدرسة الفلسفية واحدة فقط، بل اهتم بكثرة التفسيرات الفلسفية للتاريخ.

**كلمات الافتتاحية :** نوشيروان مصطفى، التفسير الفلسفي، اتجاه، تأثير.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# Philosophical interpretation to the history in Nosherwan Mustafa’s perspective

**Azad Ali Maulud**
Department of history, College of Humanities Science, University of Raparin,Rania,Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: azad.45456@gmail.com

**Aras Abdulrahman Mustafa**
Department of history, College of Humanities Science, University of Raparin,Rania,Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**Qadir Muhammed Muhammed**
Department of history, College of Humanities Science, University of Raparin,Rania,Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: qadr.muhammed@uor.edu.krd

## Abstract:

Noshrwan Mustafa Emin ( 1944 -2017), commonly known as Noshirwan Mustafa, was a prominent Kurdish political figure and Peshmerga commander. He played an important role in the political life of southern Kurdistan as a Peshmarga commander and political activist. Therefore, the majority of Kurdish people may know him as a politician rather than as an author or historian. Pondering upon Noshrwan Mustafa’s history related writings, indicates that his contributions in that area is as significant as his political career. This research deals with a side of Noshrwan Mustaf’s history writing style, which is " philosophical interpretation to the history in Noshrwan mustaf’s perspective". It appears that Noshrwan Mustafa was aware of the philosophical iterepretations. They could easily be noticed in his historical books. He, however, did not rely on only one philosophical school of thought to analyze historical events. He appears to have taken into account a plethora of philosophical views to analyze history.

**Key words:** Noshrwan Mustafa, Philosofical interpretation, direction and effect.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سەرچاوەکان

ئەلزەیدی، موفید، 2015، سەرەتایەک لە فەلسەفەی مێژوو، و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، چاپی یەکەم، ناوەندی هزر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 1997، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق 1975–1978، بەرلین.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 1998، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم، کوردستان.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2007، کورد و عەجەم، مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2007، حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی 1324- سەرماوەرزی 1325، کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2012، بە دەم رێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2015، بە دەم رێگاوە گوڵچنین، چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی، کتێبی یەکەم، بەرگی دووەم، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2019، بە دەم رێگاوە گوڵچنین، نەوەی دوەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان، کتێبی یەکەم، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی بنکەی ژین، سلێمانی.

نورەدین، بوار، 2011، ئەستێرەی سوور، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەلی، جەعفەر، 2018، کاریزما وەک بزوێنەری مێژوو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

رەحمانیان، داریوش، 2016، فەلسەفەی مێژوو، چەردەیەک لەسەر دەستەواژەی فەلسەفەی مێژوو، بنەماکانی زانستی مێژوو، و: جەلیلی مورادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

سابیر، ڕەحیم، 2005، فەلسەفەی مێژوو، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

عەبدولکەریم، سەلام (وەرگێڕان و ئامادەکردن )، 2009، دەربارەی فەلسەفەی مێژوو... زانستی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

شەریعەتی، عەلی، 2016، فەلسەفەی مێژوو، و:توانا حەمەد رەسول، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

بن خلدون، عبدالرحمان، 2016، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و: سەعید بەشیر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

کۆمەڵێک نووسەر، 2017، مێژوو، تێگەیشتن لە ڕابردوو بۆ ڕۆشنکردنەوەی داهاتوو، زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم، زنجیرەی 27، و: چەند وەرگێڕێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

مۆنتیسکۆ، بێ ساڵی چاپ، رۆحی یاساکان، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

لەتیف، چیا (ئامادەکردن)، 2009، ژیان ونهێنی نەوشیروان مستەفا، ، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ.

البدليسي، شرف خان، 2006، شرفنامه في تاريخ الدول والإمارات الكردية، الجذء الأول، دار الزمان، سوريا.
ج.ويدجرى، البان، دون سنة طبع، المذاهب الكبرى في التاريخ من كونفوشيوس الى تونبي، ترجمة: ذوقان قرقوط، دار القلم، بيروت.

الدوري، عبدالعزيز، دون سنة طبع، تفسير التاريخ، مكتبة النهضة، مطبعة الارشاد – بغداد.

الملاح، هاشم يحيى، 2007، المفصل فى فلسفة التاريخ، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

لوبون، غوستاف، 1954، فلسفة التاريخ، ترجمة: عادل زعيتر، دار المعارف، مصر.

نصر الله، سعدون، 2007، المدخل الى علم التاريخ، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت.

يزبک، قاسم، 1990، التاريخ و منهج البحث التاريخى، الطبعة الاولى، در الفكر اللبنانى، بيروت.

محەمەد، کامەران، لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو، کۆچ (گۆڤار)، ژمارە (11-12)، پایز و زستانی2009.

صالح، صدیق، کەشکۆڵێکی دەستنووسی نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژین، ژمارە (9)، ساڵی نۆیەم، کانوونی یەکەمی2017.

کریم، محمد صباح، 2009، المؤریخ حسین حزنی موکریانی مؤلفاته و منهجه فی کتابة التأریخ، دراسة تحلیلیة نقدیة، ریسالة الماجستیر، كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین- أربیل.

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەحمود ڕەزا، 4ی ئابی 2019، سلێمانی.

بەرنامەی دۆکۆمێنتاری: لە نێوان مەولانا خالید و نەوشیروان مستەفادا"، دیاری خالید (نووسین و ئامادەکردن) ، knn، کەناڵی ئاسمانی، 26ی ئایاری 2017. لینکی بەرنامەکە:
https://m.youtube.com/watch?v=5kbvynaenq0

https://m.youtube.com/watch?v=2cp-qthyqq0